**سنوور و ئاستەکانی زمان :**

**ئاستەکانی زمان**: زمان وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی هیچ ئاستێکی نیە، واتە لەم ڕووەوە زمان دابەشنەکراوەتە سەر چەند ئاستێک، بۆ نموونە زمانی کوردی کاتێک کە دروست بووە و گەشەیکردووە هیچ ئاستێکی نەبووە و نییەتی، نەوە لە دوای نەو گەلی کورد فێری ئاستەکانی زمان نەبووە، بەڵکوو ئەوانەی لێکۆڵینەوە لەسەر زمان دەکەن ئەوان بۆ ئەوەی کارەکانیان تێکەڵ بە یەکتری نەبێت هەستاون زمانیان دابەشکردۆتە سەر چەند ئاستێک، کەواتە ئەگەر بپرسین زمان بۆچی دابەشکراوە بۆ سەر چەند ئاستێک لە وەڵامدا دەڵێین:

ئەوانەی لێکۆڵینەوە لەسەر زمان دەکەن بۆ ئەوەی کارەکانیان تێکەڵ بەیەکتری نەبێت و دەسەڵاتیان بەسەر زماندا بشکێت لە کاتی لێکۆڵینەوەدا هاتوون زمانیان دابەشکردووەتە سەر چەند ئاستێک، بەم پێیە دابەشکردنی زمان و لێکترازاندنی بۆ چەند ئاستێک کارێکی پسپۆڕانەیە بۆ ئەو کەسانەی کە لەبواری زماندا کاردەکەن، ئەویش بە مەبەستی ئاسانکردن، ئەگەرنا یەکێک لە بواری زمانەوانیدا کار نەکات هیچ پێویستی بەوە نییە زمان دابەشی سەر ئاستەکان بکات، نمونەش بۆ ئەوەی سەرەوە هەموو ئەو خەڵکانەن، کە بە زمانی کوردی قسەدەکەن و بە باشی بەکاریدەهێنن و هەڵەی تێدا ناکەن، هیچیش دەربارەی ئاستەکانی زمانی کوردی نازانن، بەڵکوو ئەگەر دەربارەی ئاستەکانی زمان پرسیاریان لێ بکەیت ئەوە وەڵامی سەیریان دەبێت، هەروەها ئاساییە ئەو دابەشکردنەی بۆ ئاستەکانی زمانکراوە بەپێی سەردەم یان بایەخپێدانی زمانەوانەکان گۆڕانی بەسەردادێ، بۆ ئەم مەبەستەش زاناکان بەم شێوەیەی خوارەوە زمان دابەشدەکەن بۆ سەر چەند ئاستێک:



لەم ئاستانەی سەرەوەدا هەندێکیان سەرەکین و هەندێکیان لاوەکین، ئاستەکانی فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس، سەرەکین و ئاستەکانی فۆنەتیک و اتاسازی لاوەکین، دیارە لێرەدا مەبەست لە سەرەکی و لاوەکیدا ئەوە نییە، کە سەرەکییەکان گرنگیان زیاتر بێت لە لاوەکییەکان، بەڵکوو هەموو ئاستەکان وەکو یەک بایەخیان هەیە کاتێ، کە دەڵێین ئەم ئاستانە سەرەکین مەبەستمان ئەوەیە، کە ئاستە سەرەکییەکان ڕۆنانی زمان پێکدەهێنن لەناو مێشکی قسەکەردا، هەروەها پێکهێنەری ناوەوەی زمانن، دیارە مەبەستیش لە ئاستی لاوەکی ئەوەیە، کە ئەم ئاستانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە ناوەوەی زمانەوە نییە بەڵکوو لە دەرەوەی زمان کار دەکەن و پەیوەندییان بە زانستی ترەوە زیاترە لە زمان، وەک فۆنەتیک لە فیزیاوە نزیکە و واتاسازی لە فەلسەفە و مەنتیق، دیارە زمان دیاردەیەکی تا بڵێی ئاڵۆزە و ئاستەکانیشی بە شێوەیەک چڕژاونەتە ناو یەکتری بۆیە ناتوانین بە تەواوی لە یەکتریان دابڕین ئەوەندەی ئەم ئاستانەش لە یەکتری جیا دەکرێنەوە بۆ ئەوە دەسەڵاتمان بە سەر ئەم دیاردە ئاڵۆزەدا بشکێت. پەیوەندییەک لە نێوان ئاستەکانی زماندا بەدی دەکرێت دەتوانین لە شێوەی قووچەکێکدا بیخەینە ڕوو لەم پەیوەندییە قووچەکیەدا فۆنیمەکان لای خوارەوە دەگرن و لووتکەکەش بریتییە لە ڕستەسازی.



لە هەر زمانێکدا ژمارەی فۆنیمەکان دیاریکراوە سنوورەکەی لە نێوان ( 13- 67) فۆنیم دایە، کەمی و زۆری فۆنیمەکان کار ناکاتە سەر چالاکی زمانەکە، بۆیە ناتوانین بڵێین ئەو زمانەی ژمارەی فۆنیمەکانی زیاترە چالاکترە لەوەی کە ژمارەی فۆنیمەکانی کەمترە، چونکە فۆنیمەکان بەپێی سیستمێک لێکدەدرێن برگە دروستدەکەن، برگەکانیش وشە دروستدەکەن وشەکانیش بەپێی سیستمێکی سینتاکسی گرێ پێکدەهێنن بە لێکدانی گرێیەکانیش ژمارەیەکی بێ کۆتایی ڕستە دروست دەبێت، ژمارەی ڕستەش لە هەموو زمانەکانی دونیادا بێ سنوورە و درێژترین ڕستەش لە هیچ زمانێکدا نییە، هەندێ جار زاراوەی هەژاری یان دەوڵەمەندی بۆ زمان بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەم زاراوەیە لە شوێنی خۆیدا نییە، چونکە هیچ زمانێک نییە لە زمانەکانی تری دونیا دەوڵەمەندتر یان هەژارتر بێت، لەبەر ئەوەی زمان کاتێک کە گەیشتە ئاستی ڕستە دەبێت بە زمان، هەموو زمانەکانی دونیاش دەتوانن لە ڕێگای کەرەستەکانیانەوە ژمارەیەکی بێ کۆتایی لە ڕستە دروستبکەن یان بەرهەمبهێنن، بۆیە هیچیان لەوەی تریان دەوڵەمەندتر یان هەژارتر نین، دەتوانین زاراوەی هەژاری و دەوڵەمەندی لە ئاستی وشەدا بەکاربهێنین، واتە بۆ فەرهەنگی زمانەکە، بۆ نموونە دەتوانین بڵێین فەرهەنگی ئەم زمانە دەوڵەمەنترە لە زمانێکی تر، کە ئەمەش بەندە بە باری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کۆمەڵ.

**سینتاکس چییە؟:**

سینتاکس یان شیکردنەوەی سینتاکسی ڕەنگە بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسە بکرێت:

أ- کەرتە پێکهێنەرەکانی ڕستەیەک دیاریدەکات و لە ڕووی ڕێزمانەوە ئەم کەرتانە وەسف دەکات .

ب- تەرخانکردن یان دیاریکردنی هەندێک ناونیشان بۆ هەر پێکهێنەرێک.

هەروەها ئەوەشمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە ئەو پێکهێنەرانە چ ئەرکێکی ڕێزمانیان هەیە، پێناسەی سینتاکس ئەوەمان نیشاندەدات، کە ئێمە لە گەورەترین یەکەی وەسفکردنی سینتاکسییەوە دەست پێبکەین کە بریتییە لە ڕستە و بەردەوامبین تا دەگەینە بچووکترین یەکە، ئەم جۆرە شیکردنەوەیە پێی دەوترێت شیکردنەوەی (لووتکە بۆ بنکە) لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانین ڕستەکان لە خوارەوە بۆ سەرەوە شیبکەینەوە، کە پێیدەوترێت شیکردنەوەی (بنکە بۆ لووتکە) بەو واتایەی یەکەکان (پێکهێنەکان) دەتوانن لە ئاستە جیاوازەکاندا یەکبگرن بۆ پێکهێنانی یەکەی گەورەتر.

**ئامانج لە تیۆری ڕستەسازی:**

هەر زانستێک ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە، بەپێی باوەڕی چۆمسکی سینتاکس یەک ئامانجی گەورەی هەیە، ئەویش بریتییە لە شیکردنەوەی تەواو و (ورد) ی توانستی ئاخێوەر (ئەو کەسەی بە زمانی خۆی قسەدەکات) چۆمسکی پێیوایە (ورد) ئەوەیە کە یاساکان هەنگاو بە هەنگاو بە شێوەیەکی میکانیکی بۆی بچین یاخود شیبکەینەوە بە جۆرێک ئەو یاسایانە بدەین بە کەسێک، کە زمانەکە نەزانێ و بتوانێ ڕستەی پێ بەرهەم بێنێ.

**توانستی ئاخێوەر:**

ئاخێوەر ئەو کەسەیە، کە بە زمانی خۆی قسە دەکات، چۆمسکی پێیوایە ئەوانەشی کە بە زمانی بێگانە دەدوێن ئەم جۆرە توانستەیان هەیە بە پلەیەکی بەرز، کە ئەم زمانە بەکاردەهێنن، ئەو دەڵێت: دوو توانست لە ئاخێوەردا هەیە:

1- **توانست (Competence)، (قدرە):** مەبەست لەو زانیارییە زمانیەیە، کە لە مێشکی ئاخێوەردا هەیە بەو واتایەی هەرچی زانیارییەک پەیوەندی بە زمانەوە هەبێ توانستە.

2- **جۆری دووەمی توانست (توانا )، (ئەدا)، (Performance):** ئەم جۆرە بریتییە لە (کاراکردن) تەفعیلی توانست، هەموو ئاخێوەرێک توانستی هەیە، بەڵام توانست هێندە نابەرجەستەیە یان (ناموجەڕەدە)، کە ئاخێوەر هەستی پێناکات، بۆ نموونە ئێمە هەموومان کۆمەڵێک زانیاری زمانی لە مێشکماندا هەیە، کە بە تەواوی نابەرجەستەیە و درکی پێناکەین، بەڵام کاتێک دەردەکەویت کە زمانەکە بەکاردەهێنین، واتە کە توانست کارادەکەین، بۆیە توانست لە کاراکردنی زانیارییەکاندا دەردەکەوێ کاتێک کە قسە دەکەین.
بە واتایەکی تر ئەو زانیارییانەی کە لە مێشکماندا هەن بریتین لە توانستی یەکەم (قودرە) کە لای گیانلەبەرانی تر نییە، کاراکردنی ئەم زانیارییانە لە کاتی قسەکردندا توانستی دووەمە واتە (أداء)، ئەم دوو جۆرە توانستەش یەک شت نین، چونکە لە یەکتری جیادەکرێنەوە، هەندێ جار لە قسەکردندا هەڵە ڕوودەدات هەر خۆشت هەڵەکە ڕاست دەکەیتەوە و هەستی پێدەکەیت ئەم هەڵەکردنە لە توانستی دووەم دایە واتە (أداء)، چونکە هەڵە لەو زانیارییانەدا نییە، کە لە مێشکماندا هەیە، یاساکان کە لە مێشکماندا هەن هەڵەی تێدا نییە کە ناومان نا توانست (قدرە)، بەڵکوو هەڵە لە توانا (أداء) دایە واتە لە کارپێکردنی ئەم زانیاری و یاسایانە دایە.

هەندێ فاکتەر هەن وا دەکەن کە هەڵە بکەین لە کاتی قسەکردندا لە کاتی هەڵەکردندا ئەم دوو جۆرە توانایە دەردەکەون، توانست ڕێگا نادات هەڵە بکەی بەڵام هەندێ حالەتی وەک (دوودڵی و ماندووبوون و باری دەروونی و تووڕەیی) کاردەکەنە سەر کاراکردن نەک توانست واتە ئەم فاکتەرانە کاردەکەنە سەر ئەداء نەک قدرة.

کەواتە توانست ئەو یاسایانەن کە لە مێشکدا دروست بوون، بۆیە هەموو کەسێک یاساکانی زمان دەزانێت تەنانەت ئەم توانستە وادەکات نەک هەڵەی خۆت بەڵکوو هەڵەی قسەکەری تریش ڕاست بکەیتەوە.

کەواتە بە پێی بۆچوونی چۆمسکی ئێمە هیچ لە سینتاکس دروستناکەین، بەڵکوو ئامانج ئەوەیە یاساکان جارێکی تر دابڕێژینەوە، چونکە سینتاکس یان زمانەوانی وەکو کیمیا و فیزیا نییە تاوەکو شتی تازە بدۆزینەوە، کەواتە لە زماندا تەنها یاساکان جارێکی تر دادەڕێژرێنەوە و شیدەکرێنەوە. ئێمە لە سینتاکسدا بە دوای زانیارییە زمانییەکاندا (توانست) دا دەگەڕێین:

**زانیارییە زمانییەکان چین؟ بریتین لە چەند جۆرێک:**

**یەکەم: توانای جیاکردنەوەی ڕستەی ڕێزمانی و ناڕێزمانی لە یەکتری:** ئەم توانستە لە ئاخێوەری خوێندەوار و نەخوێندەواردا هەیە، بۆ نموونە قسەپێکەرانی زمانی کوردی دەتوانن هەست بە ڕێزمانی و ناڕێزمانی دوو ڕستە بکەن وەک:

**من سێوەکەم خوارد (ڕێزمانییە)**

**سێوەکەم من خوارد (ناڕێزمانییە)**

هەموو ئاخێوەرێکی زمانی کوردی دەزانێ کە ڕستەی دووەم ناڕێزمانیە و ڕستەی یەکەم ڕێزمانیە، بەڵام تەنیا زمانەوان دەزانێ بۆچی ڕستەی یەکەم ڕێزمانیە و هی دووەم ناڕێزمانیە، چونکە زمانەوان دەزانێ ڕیزبوونی کەرەستەکان لە زمانی کوردیدا لە جۆری (S O V)دایە، کەواتە قسەکەری ئاسایی هەست بە ناڕێزمانی دەکات، بەڵام نازانێ بکەر چییە و بەرکار چییە و کار دەبێ لە کۆتایی ڕستەدا بێ و ...تد، تەنانەت ئاخێوەر هەندێ جار هەست بە پلەی ڕێزمانی دەکات واتە دەزانێ کە ڕستەیەک لە ڕستەیەکی تر ڕێزمانی ترە بۆ نموونە:

**قوتابییەکە کتێبەکەی کڕی**

**کتێبەکە قوتابیەکە کڕی**

**کتێبەکە کڕی قوتابیەکە**

واتە ڕستەی یەکەم ڕێزمانیە هی دووەم ناڕێزمانیە هی سێیەم ناڕێزمانی ترە، کەواتە پلەبەندیەکە دەزانێ

تێبینی هەر ڕستەیەکی ناڕێزمانی نیشانەی ئەستێرەی بۆ دادەنرێ(*).

ڕستەی ڕێزمانی ئەو ڕستەیە کە لەڕووی ڕێزمانەوە تەواوە وەک

**گوڵەکان جوانن**

ڕستەی ناڕێزمانی ئەو ڕستەیە کە لە ڕووی ڕێزمانەوە ناتەواوە، بەڵام لە ڕووی واتاوە تەواوە وەک:

**نامەکە ئازاد دەڕاندی**

**ئەوان چوون بۆ بازاڕ**

هەروەها جیاکردنەوەی ڕستەی پەسەند و ناپەسەندیش یەکێکە لە ئامانجەکانی ڕستەسازی.

ڕستەی پەسەند ئەو ڕستەیە کە لە ڕووی ڕێزمان و واتاوە تەواو بێت وەکک

**پشیلەکە گۆشتەکەی خوارد**

**ئازاد چوو بۆ قوتابخانە**

**دەروێشکە شوشەکەی خوارد**

ڕستەی ناپەسند ئەو ڕستەیەیە کە لە ڕووی ڕێزمانەوە تەواوە بەڵام لە ڕووی واتاوە ناتەواوە وەک:

**پشیلەکە دیوارەکەی خوارد**

**دەرگاکە نامەکەی دڕاند**

**قوتابییەکە شوشەکەی خوارد**

**دووەم: توانای جیاکردنەوەی ڕستەی لێڵ (تەمومژ) لە ڕستەی ڕوون:**

ڕستەی لێڵ ئەو ڕستەیەیە، کە زیاتر لە واتایەکی هەبێت یاخود زیاتر لە تەفسیرێکی بۆ بکرێت لەلایەن ئاخێوەرەوە.

ئەگەر ڕستەیەک لای ئاخێوەر یەک خوێندنەوەی بۆ بکرێ ئەوە ئەم ڕستەیە ڕستەیەکی ڕوونە، بە پێی بۆچوونی چۆمسکی هەموو ئاخێوەرێک توانای جیاکردنەوەی ڕستەی لێڵی هەیە، لێرەدا پێویستە بە شێوەیەکی گشتی تەمومژی ڕوون بکەینەوە و ئینجا زیاتر گرنگی بە تەمومژییە سینتاکسییەکان بدەین، ئێمە لێرەدا زیاتر ئەو تەم و مژیانە ڕوون دەکەینەوە کە سینتاکس لێکیان دەداتەوە، بۆیە دەبێ ئەوە بزانین کە هەموو تەم و مژیەکان بە هۆی سینتاکسەوە لێکنادرێنەوە، بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆر تەمومژی هەیە:

**تەمومژی مۆرفۆلۆجی (فەرهەنگی):** تەمومژی لە ئاستی مۆرفۆلۆجی یان لێڵی لە ئاستی مۆرفۆلۆجی، ئەوەیە وشەیەک یان مۆرفیمێک زیاتر لە واتایەکی هەبێت یاخود وشەیەک یان مۆرفیمێک کاتێک گۆ دەکرێت زیاتر لە خوێندنەوەیەک هەڵبگرێت لای گوێ گر، وەک (بار، شین، ڕان، ... تد)، سەرنجی ئەمەی خوارەوە بدە:

نووستن ←
1-نووستن خۆشە
2- ئێوە نووستن
3- ئەوان نووستن

لەمەی سەرەوەدا نووستن بە چەند جۆرێک لێک دەدرێتەوە، ئەگەر هێز خرایە سەر بڕگەی دووەم ئەوا چەمکی چاوگی دەگەیەنێ وەک ڕستەی یەکەم بەڵام ئەگەر هێز خرایە سەر بڕگەی یەکەم چەمکی فرمانی دەگەیەنێ وەک ڕستەی (دووەم و سێیەم)، بەڵام لە دووەم و سێیەمدا دیسان تەمومژی هەیە، چونکە ڕاناوی کەسی جودا ڕاناوی کەسی دووەم و سێیەمی کۆ ( ن ) .

**تێبینی:** هەندێ جار ئەم جۆرە لێڵیانە لە ناو ڕستەدا نامێنن یاخود لە کاتی گوتندا دەڕەوێنەوە بە هۆی هێز و ئاوازەوە.

**تەمومژی لێڵی سیتاکسی:** هەر ڕستەیێک ئەگەر زیاتر لە مانایەک ببەخشێ ئەوە لێڵە، ئەمەش چەند هۆکارێکی هەیە:

**- بوونی وشەی فرەواتا لە ڕستەکەدا:**

ئازاد ئازار لە دڵ دەڕوێنێ

ئازاد ئازار دە دەخاتە دڵ | ئازاد ئازار لە دڵ دەردەکا

ئاوازی ڕستە یاخود شێوەی دەربڕینی ڕستەکە هەندێ جار تەمومژی دروست دەکات وەک:

هەر پێنجیان هاتن

1- پێنج کەس بوون هەموویان هاتن

2- لە پێنج زیاتر بوون تەنیا پێنجیان هاتن

هەندێ جار دوو پەیوەندی جیاواز لە نێوان کەرتەکانی ڕستەدا بەدی دەکرێ لە ڕۆنانی ژێرەوە( بنج )دا بەڵام ئەم جیاوازییە لە ڕۆنانی سەرەوە دەرناکەوێ واتە لە سیمادا دەرناکەوێ.

**ئازاد و دارای هاوسێمان هاتن**

**ئازاد و دارای برام هاتن**

هەریەک لەم دوو ڕستانەی سەرەوە دوو واتایان هەیە وەک:

ئازاد لەگەڵ دارای برام هات
ئازاد کەسێکی ترە

(ئازاد و دارای) برام هاتن
ئازاد و دارا هەردووکیان برامن

جاری وا هەیە لە ئەنجامی جێبەجێ کردنی هەندێ یاسای گوێزانەوە دا ڕستەی لێڵ دروست دەبێ وەک:

پێم دەشکێ

به من دەشکێ

پێی من دەشکێ قاچی من دەشکێ

هۆکاری ئەم تەم و مژییەی سەرەوە بریتییە لە یاسایەکی زمانی کوردی، کە دەڵێت ئەگەر هاتوو ئەو ناوە یان ڕاناوەی دەکەوێتە دوای پێشبەندی ( بە ) بە ڕاناوێکی لکاو جێگیر کرا لەو کاتەدا ( بە ) دەبێت بە( پێ ) وەک:

بە من ←—— پێم

کەواتە لە کۆتاییدا دەڵێین توانای لە یەک جیاکردنەوەی ڕستەی تەمومژی یاخود هەست کردن بە لێڵی لە توانای هەموو ئاخێوەرێکدا هەیە و دەتوانێ ڕستە تەم و مژەکان لەیەک جیا بکاتەوە.

**تێبینی/** لە ڕووی پراگماتیکەوە تەم و مژی بەدیناکرێت، چونکە لەوێدا ڕستە دەخرێتە ناو کۆنتێکست ( سیاق ) واتا سیناریۆی بۆ دروست دەکرێت.

**سێیەم: توانستی پەیبردن بە پەیوەندارێتی تەحویلی هەندێ ڕستە:**

گواستنەوە لە ڕۆنانی ژێرەوە بۆ ڕۆنانی سەرەوە و دەستنیشانکردنی قۆناغەکانی گواستنەوە، بۆ نموونە:

من تۆ دەناسم

تۆ دەناسم

دەتناسم

ئەم سێ ڕستەی سەرەوە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە و یەک واتا دەبەخشن.

زمانی کوردی لەو زمانانەیە، کە دەکرێ واز لە بکەری ئاشکرا یاخود سەربەخۆ بهێندرێت، چونکە زمانی کوردی لە ڕووی مۆرفۆلۆجی تا ڕادەیەک دەوڵەمەندە بەراورد لەگەڵ سینتاکسدا. هەر زمانێک لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە دەوڵەمەند بێت لە ڕووی سینتاکسەوە هەژارە.

لە کوردیدا بکەری ئاشکرا لادەبردرێ، چونکە بەدیلێکی هەیە ئەویش جێناوی لکاوە، لە هەندێ زماندا ناتوانرێ بکەری ئاشکرا لاببرێت وەک ئینگلیزی:

I look at him ناتوانی بڵێی look at him

نموونەیەکی تری زمانی کوردی:

**ئەوان منیان گرت**

**منیان گرت**

**گرتمیان**

ئەم ڕستانەی سەرەوە پەیوەندییەکی گواستنەوە لە نێوانیاندا هەیە، کە هەموو قسەکەری زمانەکە هەست بەو پەیوەندییە دەکات و ئەم توانایەی لە مێشکدا هەیە کە بتوانێ لەوە تێبگات ( گرتمیان ) واتا ( ئەوان منیان گرت ) یاخود هەموو ئاخێوەرێکی زمانی کوردی توانای ئەوەی هەیە، کە ڕستەی ( گرتمیان ) بگوازێتەوە بۆ ( ئەوان منیان گرت ).

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەمەی سەرەوە پێویستە ئاماژەیەکی خێرا بە ڕێزمانی ڕاناوی لکاو بدەین لە زمانی کوردیدا.

لە زمانی کوردیدا کاتێک ڕاناوی سەربەخۆ بە لکاو جێگیر دەکرێ کاتی فرمانەکە دەور دەگێڕێ، چونکە ئەو ڕۆڵی بکەر و بەرکار ئاڵوگۆڕ دەکات.

لە کرمانجی ناوەڕاست بکەر و کار ڕێکدەکەون لە کەس و ژمارەدا واتا بکەر لە چ کەس و ژمارەیەکدا بێت فەرمانیش ڕاناوێکی لکاوی سەر بە هەمان کەس و ژمارە وەردەگرێ، لەم خشتەیەی خوارەوە دا ڕاناوە سەربەخۆ و لکاوەکان دەخەینە ڕوو:

| ژمارە | کەس | جودا | ڕاناوی لکاو | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | 1 | 2 | 3 |
| تاک | 1 | من | م | م | م |
| تاک | 2 | تۆ | ت | یت | یت |
| تاک | 3 | ئەو | ی | – | ات/ێت |
| کۆ | 1 | ئێمە | مان | ین | ین |
| کۆ | 2 | ئێوە | تان | ن | ن |
| کۆ | 3 | ئەوان | یان | ن | ن |

ئەم نەخشەیەی سەرەوە کۆمەڵە جێناوە سەربەخۆ و لکاوەکانی زمانی کوردی نیشان دەدات لەگەڵ کەس و ژمارەکانیان.

– بۆ ناسینەوە و دەستنیشانکردنی بکەر و بەرکار لە ڕستەی سەرزارەکی یان جێگیرکراو بە ڕاناوی لکاو دەبێ ڕەچاوی ئەم خشتەیەی خوارەوە بکەین




| جێناو | کۆمەڵەی A | کۆمەڵەی B |
|---|---|---|
| من | م | م |
| تۆ | ت | یت |
| ئەو | ی | ( . ) / یت / ات |
| ئێمە | مان | ین |
| ئێوە | تان | ن |
| ئەوان | یان | ن |

لەم نموونەیەی خوارەوە دا زیاتر ڕوونی دەکەینەوە:



**ئێوە ئەوتان گرت**

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا لەبەر ئەوەی کارەکە ڕابردووە دەبێ بکەر لە کۆمەڵەی (A )بێت کە بریتییە لە ( تان ) واتە ( تان ) بکەرە، کە جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی کۆ، هەروەها دەبێ بەرکار لە کۆمەڵەی( B ) ،کە بریتییە لە سفر واتە دەرنەکەوتووە چونکە ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک لە کاری تێپەڕدا دەرناکەوێ

گرتمیان : ئەوان منیان گرت

بکەر بەرکار

گرت + ( م ) بکەرە ( یان ) بەرکارە

**چوارەم**: **دیاریکردنی پەیوەندی نێوان کەرستەکانی ڕستە**: یەکێکی تر لە ئامانجەکانی ڕستەسازی بریتییە لەوەی کە پەیوەندی نێوان کەرستەکانی ڕستە دەستنیشان بکات، بۆ نموونە:

**تۆ نامەکەت خوێندەوە**

لەم ڕستەی سەرەوە ئەرکی ڕستەسازیە کە پەیوەندی نێوان کەرستەکان دەستنیشان بکات، واتە پێمان بڵێ ( تۆ ) بکەری ڕستەکەیە و ( نامە ) ئەرکی بەرکاری بینیوە (خوێندەوە) کارە، کەواتە دیاریکردنی ئەرکە سینتاکسییەکان وەک (بەرکار کار ئاوەڵگوزارا ... تد ) ئامانجی سەرەکی ڕستەسازییە دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین، کە ڕێزمان پەیوەندی بە واتاوە نییە، واتە خاوەنی ئۆتۆنۆمی خۆیەتی و سەربەخۆیە بۆیە دەبێ ئەوە بزانین، کە ئەو پەیوەندیەی ڕستەسازی لە نێوان کەرستەکانی ڕستەدا دەستنیشانی دەکات مەرج نییە لەگەڵ بنەما واتاییەکان یەک بگرێتەوە، بۆ نموونە:

**ئەو خەونەکانی کوشتم**

لەم ڕستەیەی سەرەوە سینتاکس پێمان دەڵێت ( ئەو ) بکەرە و (خەونەکان) بەرکارە و (کوشتن) کارە، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئەم ڕستەیە لە ڕووی واتاوە لەنگە، چونکە کاری ( کوشتن ) لە ڕووی لۆجیکەوە پێویستی بە بەرکارێک هەیە کە دەبێ (بەرجەستە) بێ و (گیانلەبەر) بێ کەچی (خەون) زیندوو نییە، بەڵام ڕێزمان پەیوەندی بە واتاوە نییە بۆیە سینتاکس خۆی بەم لایەنە نابەستێتەوە، هەرچەندە ڕستەکە لە ڕووی واتاوە لەنگ

بێت، بەڵام ئەو پەیوەندیە سینتاکسییەکان لێکدەداتەوە، هەر بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە سەرنجی ئەم ڕستانەی خوارەوە بدە:

**کەوەکە دەخوێنێت / پیاوەکە ڕۆیشت**

**کەو بەکاری ڕستەیە/ پیاو بەرکاری ڕستەیە**

بەڵام لە ڕستەی:




لێرەدا شیکردنەوەی ڕستە لەڕووی ڕێزمان و لۆجیکەوە جیاوازن، ئەگەر لە ڕووی ڕێزمانەوە ئەمەی سەرەوە شیبکەینەوە دەڵێین ( پەنجەرە ) بکەری ڕستەکەیە چونکە شوێنی بکەری گرتووە، بەڵام ئەگەر لە ڕووی لۆجیکەوە ئەم ڕستەیە شیبکەینەوە دەبێ بڵێین (پەنجەرە) بەرکاری ڕستەیە چونکە (پەنجەرە) هیچ کارێکی ئەنجام نەداوە، بەڵکوو کاری ڕستەکەی کەوتۆتەسەر، یاخود کەوتۆتە بەرکارەکە، کەواتە (پەنجەرە) لەڕووی ڕێزمانەوە (بکەر) ە، بەڵام لەڕووی لۆجیکەوە (بەرکار) ە، لێرەدا ڕستەسازی خۆی بە لۆجیک (مەنتیق، واتا) خەریک ناکات، چونکە زمانەوان خۆی نابەستێتەوە بەو شتەی کە پێیدەڵێن بەها، یان (قیەم) و هەرگیز بڕیار لەسەر بەها نادات بۆیە ئەوەی پەیوەندی بە کارەکەی ئێمەوە هەیە و بە لامانەوە گرنگە (بکەرە ڕێزمانییەکانن)، هەر بۆیەش ئێمە (پەنجەرە) بە بکەری ڕستە دادەنێین، چونکە چاڵی بکەری پڕکردۆتەوە تێبینی زۆربەی کات بکەر ڕێزمانی و بکەری واتایی جووت دەبن، واتە کەرستەکە لە ڕووی ڕێزمان و واتاوە بکەرە وەک:

**نەخۆشەکە دەرمانەکەی خوارد**

لەم ڕستەیەدا نەخۆشەکە بکەری ڕێزمانی واتاییە کەواتە دەتوانین بڵێین هەموو بکەرێکی واتایی بکەری ڕێزمانییە، بەڵام مەرج نییە پێچەوانەکەی ڕاست بێت

**جیاوازی نێوان (بەرکاری ڕێزمانی و بەرکاری مەنتیقی واتایی):**

لەم نموونەیەی خوارەوەدا جیاوازی نێوان ئەم دوو کەرەستە ڕێزمانیە ڕوون دەکەینەوە

**1- قوتابییەکە شیعرەکەی لەبەرکرد.**

**2- قوتابییەکە پێنووسەکەی لەبەرکرد**

لە ڕستەی یەکەمدا شیعر بەرکاری ڕێزمانی و مەنتیقییە، ڕێزمانییە چونکە چاڵی بەرکاری پڕکردۆتەوە هەروەها (مەنتیقی) واتاییە چونکە کارەکەی بەسەردا تێپەڕیوە و کارەکەش لە هەڵبژاردنی بەشداربووەکەی سەرکەوتوو بووە، چونکە لەڕووی مەنتقەوە شیعر لە بەر دەکرێ، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا پێنووس بەرکاری ڕێزمانییە چونکە چاڵی بەرکاری لە ڕستەکەدا پڕکردووەتەوە، بەڵام بەرکاری (مەنتیقی) واتایی نییە، چونکە کارەکە سەرکەوتوو نەبووە لە هەڵبژاردنی بەشداربووەکەیدا، لەبەر ئەوەی پێنووس لەبەر ناکرێت بۆیە لەڕووی لۆجیکەوە بەرکار نییە

**جیاوازی نێوان کارا و بکەری ڕێزمانی:**

هەموو کارایەک بکەری ڕێزمانیە لە ڕستەدا، بەڵام پێچەوانەکەی هەڵەیە، واتە هەموو بکەرێکی ڕێزمانی کارانیە، سەرنجی ئەم ڕستەی خوارەوە بدە:

**1- من نامەکەم دڕاند**

**2- نامەکە دڕا**

لە ڕستەی یەکەمدا ( من ) ڕۆڵی کارای بینیوە، کەچی لە ڕستەی دووەمدا (نامەکە) هەر چەندە شوێنی بکەری گرتووە بەڵام ڕۆڵی کارای نەبینیوە کەواتە بنەمای هەرە گرنگ لە کارادا ئەوەیە کە دەبێ زیندووبێ و توانای ئەنجامدانی کارێکی هەبێ، هەندێک لە زمانەوانەکان لێکدانەوەیەکی تریان هەیە بۆ ئەمەی سەرەوە، کە تەنیا زیندوویی و توانای ئەنجامدانی کار بە مەرجی کۆتاییدا نانێن بۆ کارا، بەڵکوو مەرجی تریان هەیە وەک:

- **ئازاد بە ڕێکەوت پەرداخەکەی شکاند**
- **من بەبێ ئەوەی مەبەستم بێت سوکایەتیم بە هاوڕێ کەم کرد**

لەم دوو ڕستەیەی سەرەوەدا (ئازاد) و (من) ڕۆڵی کارایان بینیوە چونکە هەردووکیان زیندوون و توانای ئەنجامدانی کارێکیان هەیە و کارێکیشیان ئەنجام داوە، بەڵام هەندێک لە زمانەوانەکان ئەمەیان پێ کارا نییە، بەڵکوو ئەوان مەبەستی ئەنجامدانی کارەکە دەکەنە پێوەر بۆ ناسینەوەی کارا. بۆیە ئەوان دەڵێن (من )و (ئازاد) کارا نین چونکە بە مەبەست

و ئارەزووی خۆیان کارەکەیان ئەنجام نەداوە کەواتە ئەوان دەڵێن دەبێ بە مەبەست و ئارەزووی خۆی کارەکە ئەنجام بدات ئینجا دەبێت بە کارا وەک:

- **من خۆم خانووەکەم ڕووخاند**
- **من خۆم گوڵەکەم دا بە کچەکە**

لەم دوو ڕستەیەدا (من) ڕۆڵی کارای بینیوە چونکە لە هی یەکەمدا بە مەبەستی تێکدان و ڕووخاندن کارەکەی کردووە لە هی دووەمیشدا بە ئارەزووی خۆی گوڵەکەی پێدوە

د.عمر